# #over trade

## چۆن وا بکەین خووی زیاد مامەڵە کردن نەهێڵین؟

تۆ پلانت هەیە و خۆراگریت و دسپلنی و دات ناوە کە بەم جۆرە خۆراگری و جێگریە مامەڵە بکەیت، بەڵام لە ناکاو بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین دەکەویتە ناو حاڵەتی زیاد مامەڵە کردنەوە، وە مامەڵانێک دەکەیت کە نەت دەویست بیکەیت لەسەرەتا بگرە بە پێچەوانەوە بە هەڵەشی مامەڵە دەکەیت و زۆرە لە دوای زەرەر بە کاتێکی کەم و لە یەک کاتی بازار دا دەیکەیت، ئەگەرێکی زۆری هەیە سفر ببیتەوە یاخوود ئەو خێرەی کە بەتەواوی مانگ و هەفتە کۆت کردۆتەوە دای بنەیت

باشە ئەمە چۆن؟ باشە ئەمە بۆ روویدا؟

با بگرەینەوە سەرەتای دەستپێکی فێربوون و ئاشنا بوون مان بەم کارە، هەر لە سەرەتاوە وامان پی ووتراوە دەبێت ئاکشن یاخوود کاردانەوەمان هەبێت بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکەین یاخوود، ( رۆژانە مامەڵە کردن و رۆژانە ئەوەنە پەیدا بکەم بۆ ئەوەی سەری مانگ ئەوەنە بەدەست بهێنم) لێرەدا مێشک بەرەمجە دەبێت کە پێویستە و زەرووره کە من هەموو رۆژێک کار بکەمو رۆژانە مامەڵە بکەم بۆ ئەوەی بگەم بە ئەنجام و ئامانجی کۆتای مانگ

بەڵام ئەگەر بە تێر وانینێکی فراوان ترەوە لەم بابەتە بڕوانین ئەوە، ئاکشن و کاردانەوە و کار کردن هەموو رۆژێک گرینگە بۆ نموونە ئێمە پڵانمان وایە هەفتەی داهاتوو تاقیکردنەوەیەکی زمانی ئنگلیزیمان هەیە، زۆر گرینگە کە هەر لەمشەوە هەوڵی بۆ بدەین و ئاکشن و کاردانەوەمان هەیەبێت بۆی بخوێنین چەن زوو تر بێت و چەن زیاتر بێت ئەوە ئەگەری دەرچوون و سەرکەوتنمان بۆ تاقیکردنەوەکەی هەفتەی داهاتوو زیاتر دەبێت

بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە لە مامەڵەکان و بازاری فۆرێکس بە تەواوی شێوازی سەر کەوتن و رێگای سەرکەوتن جیاوازە لەگەڵ هەر پیشەیەک و بزنسیکە دا، ئەی مێشک چۆن چۆن بە چ شێوازێک کار دەکات؟

هەر لە سەرەتاوە فیر بوویت کە کاردانەوە و ئاکشنمان هەبێت وە چەن بە خێرای و زیاتر هەوڵ بدەیت زووتر دەگەیت بە ئەنجام و سەرکەوتن  هەر ئەمەشە وا لە مێشکت دەکات، بڵێت (واو چەن کرداریکی باشە کە چەن زیاتر و زووتر کار بکەیت دەگەیت بە ئەنجام لە کاتێکی کەمدا.) بەمە وادەکەیت مێشکت هۆرمۆنی (دۆپامین) بڕشێنێت، کە هەر کاتێک لە خەوڵ دەستیت خەمی ئەوەتە کە کەمرۆ بە زوترین کات مامەڵەکەت بکەیت ئەمڕۆ پیش ئێوارە دەبێت مامەڵەت کردبێت و

مامەڵەیەک دۆزیبێتەوە بۆ ئەوەی ئامانجی رۆژانەت بپێکی بە هۆکاری ئەوەی کە لە سەری مانگ بگەیت بەو برە پارەی دات ناوە یاخوود زەرەرکانت بهێنیەوە

ئەگەر باس لەو کات و ساتە بکەین کە تەیداین بەم جۆرە روودەدات : تۆ دانشتووی لەسەر چارت بێزار بوویت و هیچ خۆشیەک یاخوود هیچ هۆرمۆنی دۆپامینێک نارژێنیت، هەر بۆیە مێشک دەڵێت بێزارم دەبێت شتێک بکەیت دەبێت ئاکشنێ هەبێت پێوویستە مامەڵە بکەیت پێوویستە چالاکیت هەبێت هەموو چوار دەورەکەت مامەڵەیان کردووە و نابێت تۆش بێ مامەلە بیت، یاخوود بێتاقەت بوون و بێزار بوون لە زەرەرەکانی رۆژی رابردوو بۆیە حەز دەکەیت بە زووترین کات بیان هێنیتەوە یاخوود ئەو ئازار و خەمە لە کۆڵ خۆت بکەیتەوە هەر بۆیە مێشکی ئنسان یەکەم شت شکی بۆ ببات ئەوش (ئاکشن و کردارە)

و زیاتر بچینە پێشەوە لە بابەتەکە، بەبێ ئەوەی ئاگات لەی بێت (تێستاترۆن و دۆپەمین) رێژەکەی زیاد دەبێت لە ناو خوێنت و میشکت دا یەکەم شت تێستارۆنەکە وات لێ دەکات بێئاگات بکات لەوەی رێژەی رسکەکەت چەنە و دۆپامینەکەش وە بەرز بوونەی رێژەی دۆپامین وات لێ دەکات کە نەتوانی کۆنترۆڵی خۆت بکەیت بێ هۆش یاخوود بێئاگات دەکات لە وەی چەن بە تەرکیزێکی هەڵە و بە رێچکەیەکی هەڵە مامەڵەدەکەیت، بەلام

کاتێک دەست دەکەیت بە مامەڵەکردن بە تەواوی بۆت دەر دەکەوێت کە چندین مامەڵەت کردوە کە لە پلانت دا نەبوو بی کەیت چەن دین زەرەت کردوە لە سەر هیچ بنەمایەکی شیکاری و پلانی سەرەتات نەبووە، هەر بۆیە

سەرکەوتن لەم بازارە رێگەیک و شێوازێکی زۆر جیاوازی هەیە، تۆ نابێت زۆر یاخوود زەخت لە پرۆسەکە بکەیت، بگرە بە پێچەوانەوە دەبێت ئەو خولیایە درووست بکەیت کە بەتەواوی خۆراگر و بە تەحەمول بیت، تۆ دەوەستیت بۆ ئەوەی نێچیرەکە بێت بۆ پێشت، تۆ دەوەستیت بۆ ئەوەی سێتەپەکە بۆ بەدەر بکەوێت گرینگش نیە ئەگەر لە ماوەی چەند رۆژێک یاخوود یەک هەفتەشی پێ بچێت، ئێستا بۆمان دەرکەوت کە چەن جیاوازی هەیە لە نێوان سەرکەوتن لە بزنسیکەدا و سەر کەوتن لە فۆرێکس

## باشە، چۆن دەتوانین ڕاهێنان بە مێشکمان بکەین کە ئەم خووە خراپە تەرک بکەین؟

راهێنانەکە زۆر سادەیە تۆ ئێستا خۆت دەبینیت کە چەن حەز بە مامەڵە کردن دەکەیت و چەن حازریت کە مامەلە بکەیت لە هەموو کاتێک و ساتێک، هەستێکی زۆر خۆشە کە ئامادەبیت و لە دوای تەواو کردنی کۆرسێک و دەست بکەیت بە مامەڵە کردن و دەتەوێت بە خێراترین شێوە ئەنجامەکە ببینیت، بەلام ئەم بیرکردنەوەیە و ئەم سەرکەوتنە کوورت مەودایە

مامەڵە کردن مێشکێکی دیدگایەکەی جیاوازی دەوێت، مێشکێک کە بیر لە

ئەگەرەکانی بازار بکاتەوە! مێشکێک کە بیر لە ئەگەرەکانی مامەڵەکانی بکاتەوە!
(بیرکردنەوە لە ئەگەرەکان) وا لە مرۆڤ دەکات بە جۆرێکی تەندرووست لە بازارەکە
بڕوانێت، کە ئێمە علم غەیبمان پێ نیە هەر بۆیە هەموو شتێک ئەگەرە

وە هەر وەها تەبیعات و سرووشتی ئنسان وایە کە سەر کەوتنێکی خێرای دەوێت
هەر بۆیە بە دەروونێک و مێشکێک دێت کە هەوڵی خێرا گەیشتن بدات بۆ
ئامانجەکەی بەڵام ئێمەی مامەڵە کار لە (دوور مەودا)
ئەگەرەی سەرکەوتنەکان بۆ خۆمان زیاتر دەکەیت

ئێستا دەبینیت کە چەن دووشتی جیاوازن، وە ئێستا دەزانیت کێشەکە چیە و ئێستا
دەتەوێت گۆران کاری بکەیت و ئەو جۆرە بیرکردنەوە کۆنە بگۆریت بۆ مێشکێک کە
کار بکات لەسەر ئەگەرەکان و بڕیار دان بە پەی ئەگەرەکان، بەڵام ئەم گۆران کاریە
بە شەو رۆژێک ئەنجام نادرێت، ناتوانیت ئەوەنە بە ئاسانی بلەیت تەواوە من ئەو
بیرکردنەوە کۆنەم فێرێ دەدەم و و تەواوە لەم دەقەیەوە مێشکم گۆریوە

ئەمە گۆران کاریە پێویستی بە کار کردنە لەسەری و پێویستی بە کاتە هەر وەک
ئەوە وایە کە ءەملیاتێک زۆر قوڵ و بە تەرکیز بکەیت، وە دەبێت دان بوە  بنەیت کە
هەڵە بوویتە، هەڵەکەش لە چیا ببوە : لەوە بووە کە پێمان وابوو بۆ ئەو زەمانە
کە پەلە کردن لە فێر بوون و لە مامەڵە کردن وا ئەکات دەر ئەنجام و ئامانجمان خێرا
تر پەی بگەین


بەڵام راستیەکە ئەوەیە کە زۆر کەس دێن و زۆر ئەکوانت دەسوتێنن و زۆر ئەکوات
سفر دەکەنەوە بەلام زۆر قورسشە کە لە سەرەتاوە هەستی پێ بکەن هەتا ئەو
کاتەی زۆر تەجرووبە دەبین لەو جۆرە بیر کردنەوەیان وە هەر بۆیە بۆیان بە دەر
دەکەوێت کە ناکرێت و ناتواندرێت بەو شێوازە مامەڵە بکەن و سەر کەوت و بن هەر
بۆیە زۆر کات کاتێک لەگەڵ کەسە شارەزاکان قسە دەکەین هەر ئەو کەسانن کە
چەندین ساڵە ناو بازارەکان و ماویەک و کاتێکی زۆریان پێ چووە کە بگەن بە سەر
کەوتن و خێر کردن

مێشکی ئنسان زۆر بەرفراوانە و هەر گیز پڕ نابێتەوە لە زانیاری هەموو کات توانای
گۆران کاری هەیە

ئەی باشە بە چ شێوازێك کار دەکات؟
دەتوانین پێ ناسەی بکەین وەک و (بەهێزترین ئاڵگرتم) کە توانای هەیە گۆرانی
کاری بکات و نوێگەری بکات ئەمەش دەکوێتەوە سەر مرۆڤەکە کە بیەوێت بە چ
شێوازێک بەرمەجەی بکات، بلام لێرەدا کێشەکە ئەوەیە کە توانای نیە راست و
هەڵە لەیەک بکاتەوە هەتا تاقی نەکاتەوە و ئەنجامەکەی نەبینێت

لەم رسمەی خوارەوەدا بۆمان بە دەر دەکوێت کە  هەڵەکانمان ئەگەر پێت وابێت

بچووک بن یاخوود گەورە باجێکیان هەیە و  دەبێت لە کۆتای دا باجەکەی بدەیت، واز هێنان لە خووە خراپەکان سەرەتا دەبێت ئەو رێگایە یاخوود ئەو (پاتێرنە) بدۆزیەوە کە وات لێ دەکات لە کۆتای بەرو هەمان هەڵەمان بات، وە دەبێت بە تەواوی ئەو هێزەمان هەبێت کە وەک و مقەسێک ئەو رێگایە خراپانە بپچڕێنین



وە باشترین رێگە بە کار هێنانی (نەخێر)ە، نەخێر من پلانەکەی خۆم ناشکێنم، نەخێر ئەم شەوێنە جوان نیە مامەڵە ناکەم، نەخێر ئەمرۆ مامەڵە ناکەم چونکە ماندووم نەخێر من پەلە ناکەم ...هتد
ئەمە وامان لێ دەکات خۆ بەزل زان بین بەرامبەر چارتەکە و لە ناخەوە بەهێزتر بین بەرام بەر بە بازارەکە

وایە راستە چەن خێرا و چەن زووتر دەوڵەمەندبوون کارێکی زۆر نایاب و باشە بەلام لەگەڵ واقعەتی ئەم بازارە ناگوونجێت وە دەبێت بە تەواوی کار لەسەر ئەوە بکەیت و مێشکمان بە شێوازێک زۆر پتەو بەرەمجە بکەین کە ئێمە من تۆ زۆر کەسانی هێمان و لەسەر خۆ و ژیرین

loading......

TELEGRAM @NALI_ASAAD